حیکمەت هیجری: شەڕ بەردەوام دەبێت تا تەواوی خاکی پارێزگای سوەیدا ئازاد دەکرێت



حیکمەت هیجری شێخکی دروزەکان ئەمڕۆ چوارشەممە پشتڕاستیکردەوە کە "شەڕ بەردەوام دەبێت تا تەواوی خاکی پارێزگای سوەیدا ئازاد دەکرێت".

حیکمەت هیجری لەپەیامێکدا رایگەیاند، "هیچ ڕێککەوتن و دانوستان و بژاردەیەك لەگەڵ حکومەتی سوریادا نییە، ئێمە بەردەوامیدان بە بەرگری بەرەنگاربونەوە بە ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆیی و ئەخلاقی دەزانین کە ناتوانرێت سازشی لەسەر بکرێت".
ئاماژەی بەوەشکرد، "هەر کەسێك یان لایەنێك لە هەوڵستی یەکگرتو لابدات و بەشداری پەیوەندیکردن یان ڕێککەوتن بکات، بەبێ جیاوازی و نەرمی لەپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت".